# مشتومڕی نێوخۆی ئەمریکا
# هۆکاری کەمکردنەوەی هێزەکانیەتی لە عێراقدا

جیمس کۆمارا سامی
و: محەمەدی مشیر

چەند رۆژی رابردوو ئەمریکا بە دۆخێکی پەشۆکاو و ناهەمواردا گوزەری کرد ئەگەرچی ئەو دۆخە هێندە جێگەی باوەڕو متمانە نییە. دوای ئەوەی کە هەموو نەخشەو پلان و رێوشوێن و شیکردنەوە و روونکردنەوەکان خرانەڕوو، هێشتاوەلامی هەندێ پرسیار نەدراوەتەوە، ئایا هیچ بارستاییەکمان لە سیاسەتەکانی ئەمریکالەعێراقدا بینی یا ئەوەی کە هەستمان پێکرد تەنها وێنایەك بوو لەسەر هەبوونی جۆرێك لە گۆڕان؟

## سوپایەکی شلوخاو:

ئایا کشاندنەوەی 5700 سەربازی ئەمریکی لە عێراقدا تا سەری ساڵی تازە، هەروەکو جۆرێ بۆش رایگەیاند، جگە لە دانپێدانانێك بەو سنوورەی کە سووپایەکی شلوخاو دەیگاتێ هیچیتر دەگەیەنێت؟یان دەستەواژەی (( گەڕانەوەیەکی سەرکەوتووانە)) کە کۆشکی سپی لەو هەفتەیەدا رایگەیاند ئاماژەیەکە بۆ دینامیکیەتێکی فراوانتر بۆ دەستپێکردنی پەردەداداناوە وەك هۆشدارییەك بۆ کۆتایی هاتنی شانۆگەرییەکە؟ باشە ئەی چی بڵێین لەبارەی پابەندبوونی بۆش بە دۆخی عێراقەوە کە پێدەچێ ماوەکەی کراوەبێت ، ئەو ولاتەی کە حکومەتەکەی بەپێی دوایین راپۆرتەکانی کۆشکی سپی پێشکەوتنێکی کەمی بەدەستهێناوەو توانیویەتی تەنها نیوەی ئەو 18 پێودانگەی کە ئەمریکا لە بواری ئاسایش و فەرمانڕەوایەتی بۆی دارشتووە جێبەجێ بکات؟

## هەرەس و رەشبینی:

ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی قسەبکەین، دەشێ بڵێین: ئایا ئەو ئەمریکاییانەی رۆژ لە دوای رۆژ پتر هەست بە هەرەس و رەشبینی دەکەن قەبوڵیانە کاتێکی زیاتر بدەنە حکومەتەکەیان لە بارەی دۆخی عێراق؟ چۆنیەتی وەلامدانەوەی ئەو جۆرە پرسیارانە تارادەیەك متمانەدەکاتە سەر چۆنیەتی روانینە ئەو پیاوەی بووە جێ چاوی رووداوەکانی هەفتە، کە ئەویش ژەنەڕاڵ دێڤید پاتریوس– ە.ئیدی لەوەتەی چرکەی یەکەمەوە کە رەزامەندی درا لە سەر ئەو راپۆرتەی لەم مانگەدا پێشکەش بە کۆنگرێسی کرد، بووە سەرکردەی باڵای سوپای ئەمریکا لە عێراق پتر لەوەی پیاوێکی سەربازی بێت.وەك چرکەیەکی یەکلاکەرەوە سەیری راپۆرتەککەی کرا کە: یا هەڵمەتی سەربازی ئیدارەی ئەمریکا لەعێراقدا دەگەیەنێتە سەرکەوتن یا هەرەس و شکستی پێدەهێنێت.

## شکانی مایکرۆفۆنەکە:

ئەو رووداوەی لە هەمووان پتر مایەی سەرنجی ئامادەبووان بوو شکانی ئەو مایکرۆفۆنە بوو کە بڕیاربوو پاتریۆس بۆ گەواهی دانەکەی لە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەراندا بەکاری بهێنێت. ئەم رووداوە سەرتایەکی ناخۆش بوو بۆ بەڕێوەچوونی دانیشتنەکە، بەلام یەکێك بوو لەو چرکەساتانەی بەرێککەوت روودەدەن، ئەمەش دوابەدوای هەڵمەتێك لە بواری پەیوەندییە گشتییەکان کە دووری دراماتیکیانەی شانۆگەرییەکەی لە بۆنەکەدا دزی.بەلام ئێمە تا رادەیەکی زۆر ئەوەی مەبەستمان بوو بەدەستمان هێنا: هەڵسەنگاندنێکی تۆکمەی واقعییانە و هێمنانە، بەلام لە سەرجەمدا پۆزەتیف لە بارەی دۆخی عێراق کە لە نوێشکەکەیدا وایدەگەیەنێ کە ئەو باشتربوونە خاکەڕاییەی دۆخی ئاسایشی عێراق، بە تایبەتیش لە پارێزگای ئەنباردا، رێگەدەدات کە هەندێ لە هێزەکان لەگەڵ هاتنی جەژنی کریسمەس بگەڕێنەوە، بەلام ئەمریکا پێویستیەتی تا ماوەیەکی درێژخایەن لە ناوچەکەدا بمێنێتەوە، چونکە رووداوە توندوتیژەکانی سەرزەوی باڵیان بە سەر لێکدانەوەکانی واشەنتۆن دا کێشاوە.

## کوژرانی ئەبو ریشە:

رۆژی پێنجشەممەی رابردوو شێخ عەبدولستار ئەبو ریشە، کە یەکێکە لەو سەرۆك هۆزە سوننانەی سنووری پارێزگای ئەنبار، کوژرا. کوشتنی ئەو لە رێگەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبرێژکراوەوە بوو دوای ئەوەی تەنها 10 رۆژ بە سەر تەوقەکردنەکەی لە گەڵ سەرۆکی ئەمریکادا تێپەڕیبوو.ئەبو ریشە یەکێك بووە لەو کەسایەتییە بنەڕەتییانەی لە راپەڕینی سوننە بەشداربوون بەرووی رێکخراوی تیرۆریستی قاعیدە لە عێراقدا.لە کاتێکدا کە ئێوارەی رۆژی پێنجشەممە بۆش لە ئامادەباشی دابوو تاوەکو وتارێك پێشکەش بە ئەمریکییەکان بکات، رووداوی کوشتنی شێخی ناوبراو تیشکی خستە سەر لاوازی ئەو چاکسازییانەی لە بواری ئاسایشدا ئەنجامدراون کە چاوەڕواندەکرا بۆش لە وتارەکەیدا ئاماژەیان پێبکات وەك بەڵگەیەك بۆ ئەوەی کە هەڵمەتە سەربازییەکەی لە عێراقدا بەرهەمی هەبووە تاکو وەرچەرخانێك لە سروشتی ژیانی واشەنتۆن دا بێنێتە ئارا کەتێیدا مشتومڕی سیاسی گەرموگوڕ هەبوو لە بارەی ئەو زانیارییانەی لە راپۆرتەکەی پاتریۆس سەبارەت بە رەوشی عێراق هاتبوو.

## ژەنەڕاڵ خیانەتمان لێدەکات:

لەو راگەیاندنەی کۆمەڵەی (موڤ ئۆن دۆت ئۆرگ)ی چەپڕەو لە رۆژنامەی نیویۆرك تایمز بلاّویان کردۆتەوە هاتووە :" ژەنەڕاڵ پاتریۆس، یاخود ژەنەڕاڵ پیتری ئەس" واتە ژەنەڕاڵ خیانەتمان لێدەکات، بەرپرسانی کۆشکی سپی راگەیاندنەکەیان بە" سوك و مایەی سوکایەتی پێکردن" وەسف کردووە، لە لایەکی دیکەشدا کۆمارییەکان وەك دەرفەتێك بۆ تۆمەتبارکردنی دیموکراتەکان بەوەی کە هەستی نیشتمانیان نییە بەکاریان هێناوە چونکە نەیانتوانیوە پاتریۆس سەرکۆنەبکەن. لە گەڵ کۆتایی هەفتەدا یەکێ لە پاڵێوراوە کۆمارییەکان بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەمریکا، کە عومدەی پێشتری نیویۆرك بووە، رۆدی جیولیانی راگەیاندنێکی تایبەت بە خۆی بلاّوکردۆتەوە کە تێیدا پاڵێوراوی دیموکراتەکان(هێلاری کلینتۆن) تۆمەتباردەکات بە زڕاندنی ناوی ژەنەڕاڵ پاتریوس و سوکایەتی کردن بە کەسایەتییەکەی. جیولیانی گومانی هێلاری لە هەڵسەنگاندنەکەی پاتریۆس بۆ رەوشی عێراق بە راگەیاندنەکەی(موڤ ئۆن دوت ئۆرگ) گرێدەدا .

## هاوسەنگی دیموکراتەکان:

لە میانەی کەشوهەوای روونکردنەوەی سیاسی دا هێشتا ئەم ئەلقەیەی ئێستا ئاماژە بۆ ئەوە ناکات کە کێشەیەکی راستەقینە بۆ دیموکراتەکان لە ئاردا هەبێت، چونکە ئەوان هاوسەنگیەك دەکەن لە نێوان داواکارییەکانی بنکەکانیان کە دژی جەنگن و لە نێوان ئەو واقعیەتە سیاسییەی کە زۆرینەی سادەی ئەوان لە کۆنگرێسدا دەیسەپێنێ. لەروانگەی پاڵێوراوێکی دیکەی دیموکراتەکان بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەمریکا، کە ئەویش باراك ئۆبامایە، ئەو زۆرینەیە لە راستیدا زۆر لەوە سادەترە کە توانای ئەوە ببەخشێتە حزبەکەی هەر یاسایەکی بەسوود تێپەڕێنێت.ئەمە لە حاڵەتێکدا ئەگەر نەتوانین ژمارەیەکی بەرچاوی کۆمارییەکان قەناعەت پێبهێنین کە بێنە نێو کەشتی دیموکراتەکان لەوکاتەیەدا کە ئامادەسازی دەکەن بۆ هەموارکردنی یاسای (الصلاحیه الدفاعیه)، وەك ئەو هەموارکردنەی مۆڵەت بۆ سەربازەکان دەستەبەر دەکات بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە نیشتمان بۆ ماوەیەك کە هاوتای خزمەتی کردەییانە لە سەربازییدا.

## کۆمارییە لەرزۆکەکان:

هێشتا لەم قۆناغەدا مەسەلەکە زانراو نییە کە ئایا چەند کەس لە کۆمارییەکان هەڵوێستی خۆیان دەگۆڕن.سەرباری ئەمەش هەندێك لە لەرزۆکەکانی ریزەکانی حزبی کۆماری وەکو (شێن سوزان)، نوێنەری ویلایەتی ماین، نەتوانراوە بەروونی لە رێگەی قسەکانی (پاتریۆس)ەوە قەناعەتیان پێبهێنرێت، بەڵام ئەوانی دیکە هێشتا راوێژدەکەن و بە قوڵی بیردەکەنەوە بۆ بڕیاردان لە سەر هەندێ لەو پرسانەی رەنگە ئاسەواریان هەبێت لە سەر دووبارە هەڵبژاردنەوەیان لە ساڵی داهاتوودا. رەنگە هەندێ شتی چاوەڕوان نەکراو لە هەفتەی رابردوودا هەبن، بەڵام هێشتا سیناریۆی سیاسی بۆ چەند هەفتەیەکی ئایندەی نزیك نەنوسراوەتەوە.

.